# نەزر

محەمەد کەریم نانەوا

بەشلوخاوی هەستاوە سەرپێ، چوو لە بەرامبەر ئاوێنە راوەستا، سەیری سەروسیما و رووخساری خۆی کرد، دەستی لە قژ و پەرچەمی خۆی وەردا، دیقەتی دایێ..!

پرچی داوداوی سپی تێکەوتبوو، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا پشتی هنگێ، تفێکی خەستی لە عاردی رووکرد..

ورتە ورتێکی لێوەهات، وەلێ لێی حالی نەبوو.

دواتر دووبارە سەیری ئاوێنەکەی کردەوە، ئاوێنەکە ماک ماکی تێکەوتبوو. بەئاستەم بەبێ زارییەوە لە بن لێوان گرژبییەوە. لە دڵی خۆی دا گووتی:

(تۆش وەکو من بەناو ساڵدا کەوتووی.

.. ئەو وەکو رۆژانی چوارشەممۆانی بووری، ئەسلەن خووی پێوەگرتبوو. دوابەدوای نوێژی ناوەند هەندێک چوکلێت و رەحەتە لوقمی نایە گیرفانی کەواکەی. بەنییەتی مراز خواستن هەیپای لێکرد بۆ حزور (چاکی بن عارد)ی.

وەلێ لە شەرم و لە ترسی زمان شڕی پڕ و پیرەژنان. لەبن لێوان دەنوزاوە، لەبەر خودای پەروەردگار دەپاڕاوە..!

(خودای گەورەو میهرەبان، بەمیهرەبانی خۆت بیکەی بەخاتر ئەمزاتە نورانییە، دڵی چارەنووس نەرم بکەن، هێوارەیەک بێت و دەرگای ماڵەکەمان راهەژێنێ.

.. دیسـان له ناخـەوە هەناسـەیەکی ساردی هەڵکێشاو پێداچوو..

(کـوا بۆ ئەو رۆژەی پۆشـاکی سـپی بووکـێنیم بپۆشیبایەو قـۆڵم له قـۆڵی هەڵکێشابایە، یاغر یاغـر بەهەنگاوی هورد هورد بەنێـو ئاپۆرای هەلهـەلەو سـەدای دەهۆڵ و زورنای زەمـاوەندو هەڵپەڕکێ و رەشبەڵەکی ئاهەنگ گێراندا، بەرەو تازە ماڵ رۆیی بام.

.. بەڵێ (نەزر)ی لەخـۆی گـرتبـوو، هەمـوو هێـوارەی رۆژانی هەینی بەخـێـری (چاکی بنعارد)ی، شیرینی بەسەر منداڵان دا دەبەشییەوە. بەمە دڵی زۆر خۆش دەبوو، چونکی دڵی منداڵانی شـادو شـەنگۆڵ و خـۆش دەکـرد، له دڵی خـۆیەوە دەیگووت:

(منداڵ پەپوولە ئاسای بێ گوناهن، بەڵکو ئەوە خـودایەو بۆ خـاتری ئەم پەپوولانە. گـرێ کـوێرەی بەختم بکاتەوە و بەمراز بگەم.

.. شـەوانیش هەر بەم خـەیاڵەوە، خـۆی لەناو پێـخـەف گـرمـۆ له دەکـرد، لەکـاتی خـەوتن، له خـەونیـدا، بگرە له ئانی کـەلەکـە گـۆڕین و زیندە خـەودا، نوقـمی دەریای خـەیاڵ دەبوو، جـاری وا دەبوو و دڵی دەکەوتە خلێلەو (تش خەو) دەبوو، هەندێکاریش بەشـیـرینی خـەودا دەکـەوت، لەخەوانیدا پێی وابوو..!

کوڕە ساواکەی لەسەر پشتی لانک درێژ کردووە، بەدەستـرازەو گولینگەی ئارمووشی رەنگاورەنگ، خەریکبوو دەی پێچایەوەو بەدەنگ و ئاوازێکی پڕ له سـۆزو میـهـری دایکانە (لایەلایە)ی بۆ دەکـرد، بەڵکو له گروگاڵ دەکەوێت و خەو بیباتەوە، جاری واش دەبوو، خـەونی جـڕ ناوفـڕنای دەدیت.. پێی وابوو کـە: لەبەرانبـەر ئاوێنە راوەسـتـاوە، زولف وپەرچەمی وەک بەفـری قـەندیلی لێـهـاتووە، پێستەی دەموچاوی چرچ و لۆچی تێکەوتووە.

.. دواجار له حەژمەتان راچڵەکی و زریکاندی له زروکـەری خـۆی وەئاگا هاتەوە، گشت گـیـانی شەلالی ئارەقە بوو، بەپەلە پرووزە هانای بۆ (لالە) برد، بەدەسـتی لەرزۆک لالەکـەی داگـیـرسـاند، بەئەسـپـایی، بەترس و لەرزە لەرز بەرەو ئاوێنەکـە خـشی، لەلاکـەی بەڕووی ئاوێنەکـە بڵند کـرد، ئاوێنەکـە تەواو تەڵخ بوو، هیـچ جـوانی و شـۆخ و شەنگی خۆی تیادا بەدی نەکرد، دەستی له سینگ و مـەمکی خـۆی وەردا، لەژێر دەسـتی چەشنی گندۆرەی له بڕک کـرابێـتـەوە، لەبەرتێنی (هوڕە) وخـۆرەتاو بەناوەوەدا لەق ببـوو، له حـەیبـەتان له ناخەوە بەبێ دەنگی له هارژنی گریانیدا. بەکوول دەگریا.

له قـاران هاتە سـەری ئاوێنەکـەی دەعـاردی کـووتی. پارچە پارچە بوو، ڤـێـچـا بەهەردوو پێ کەوتە سەرپارچەکان هوردو خاشی کردن..

دواتر کـەمـێـک هێـوربووەوە، بەپەرۆشـەوە چاوەڕوان بوو، لەسـەر ئاوو ئاگـربوو، (لیـر) کەوتبووە جەستەی حەجمانی نەبوو، له چاوەڕوانی رۆژی چوارشەممەدا، لێـوی خـۆی دەکرۆژتەوە.. ئەم چوارشەممەیە له جیـهـانی چوکلێت و شیرنەمـەنی. چەکوچێکی لەژێر چار شێوەکـەی حـەشاردابوو، هەیپـای لێکرد رۆیی.. هێندە بەتووندی و بەلەرز رێی دەکرد، زەوی لەبن پێی دەلەرزی هەردوو چاوی خـوێنیـان تێـزابوو، هێندە بەپەلە بوو، پێی وابوو کـەرێگاکـە له پێـشی لەبارێک دەکـشێ و درێژ دەبێتـەوە، هەرکە پێی نایە ناو (مەزارگـەی چاکی بن عـارد) چاوشێوەکەی توور هەڵدا، چەکوچەکەی بەدەسـتـەوە گـرت و خـۆی له هەردوو کـێلی بان سەرینگان و پێینگانی مشتومارکرد، دەستی لێ هەڵنەگرت تاکـو وردو خـاشیـکردن، نەخـێـر، دڵی

دانەکەوت، خەریکی هەڵتەکاندنی لەبن بۆتکەوەی گۆڕەکەبوو، دەگەڵ چەکوچ داوەشاندن دەیگووت:
هیچت لە دەست نایەت، دەتزانی خاترت ناگرن، بۆچی..؟! بەزیندوویی و بەمردوویی ئێمە مانان فریو دەدەی ها..؟!
ئەوەندەی هانام وەبەر تۆ هێنا. وەکو (دیل) لێت پاڕامەوە بەزەییت بەئاهو ناڵەی بێ چارەیەکی وەکو من نەهاتەوە.
خۆمن گیرۆدەی داوی ئەوینی تۆ نەبووم، یان لەبەر خاتری دوو چاوی رەشی تۆ، هەموو رۆژانی چوارشەممە ئەم رێگایە بکووتمەوەو بەکرنۆشەوە بێمە حزورت..



* هەی ناپاک وادیارە تۆو..!!
.. هەرگیز خۆشیتان بەم کەسانەی نایەت، کە دەست بەناموس و کەرامەتی خۆیانەوە دەگرن، وەکو پاکیزە شەرەف و ئابڕوومەندی خۆیان دەپارێزن. ئەوانەی ناچارن لەژیاندا. هانا وەبەر (مردوو)انی وەک ئێوە مانان بەرن، بەڵکو بەمراز بگەن.
راوەستە بۆم بزانە چۆن..؟ هێسکو پروسکت دەهاڕم... دەگەل ئەم هوڕێنانەو چەکوچ وەشاندن، لە هۆش خۆی چوو و، بووڕایەوە، کەچی چەکوچەکەی هەر بە دەستییەوەبوو، کاتێ بەخۆ هاتەوە، چاوی هەڵێنا، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە بان چوارپایە پاڵکەوتبوو، هەر لە جێوە نیوەڕاستبووەوە، لە داخان هەردوو دەستی لە ئەژنۆی وەرێنا، توند لە هامێزی خۆی گرت، سەری بەسەر سینگیدا بەرداوە..